جەگری سەرۆك وەزیرانی هەرێم پەیامێکی بەبۆنەی جەژنی ڕەمەزانەوە باوکردەوە



جەگری سەرۆك وەزیرانی هەرێم پەیامێکی باوکردەوە رایگەیاند، جەژنی ڕەمەزان لە هەموو موسڵمانان پیرۆزبێت وعیبادەت و ڕۆژووی هەموو لایەك قبووڵ بێت و دەشێت،"جەژن بۆنەیەکی گرنگە بە ئاشتەوایی و گەردن ئازادی و قووڵکردنەوەی گیانی پێکەوەژیان"

قوباد تاڵەبانی جەگری سەرۆك وەزیرانی هەرێم پەیامێکی بەبۆنەوەی هاتنەوەی جەژنی ڕەمەزانەوە باوکردەوە و رایگەیاند، جەژنی ڕەمەزان لە هەموو موسوڵمانان پیرۆزبێت و عیبادەت و ڕۆژووی هەموو لایەك قبووڵ بێت و جەژن بۆنەیەکی گرنگە بە ئاشتەوایی و گەردن ئازادی و قووڵکردنەوەی گیانی پێکەوەژیان و لە ئەمساڵیشدا لەگەڵ بەهاری ڕەنگینی کوردستان و کرانەوەی دەرگا بەڕووی چارەسەرکردنی کێشەی مووچە و بودجە ئاوێتە بووە و بەمەش هەندێ تر ڕۆژانی جەژن بە هاوڵاتییان خۆشتر و ئارامبەخشتر بووە.

هەر لە پەیامەکەی جەگری سەرۆك وەزیراندا هاتووە، هیوای ڕۆژانێکی پڕ لە خۆشی و ئارامی بە هەموولایەك دەخوازم و هەموو ڕۆژەکانتان وەك جەژن پڕبێت لە خۆشی و شادی.